



# یادێک لە تێکۆشەری ناوداری کورد هاوڕێ عەزیز یوسفی

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

*سپاس وپێزانین بۆ بەڕێز کاک ناسر قازی زادە هونەرمەندی نیگارکێش ی بەتوانا و دەست و پەنجە ڕەنگین بۆ ئامادە کردنی وێنەی شەهید کاک عەزیز یوسفی.
هەروەها سپاس بۆ کاک برایم قەزاق وەک هەمێشە کە لە ناردنی بابەت و نووسراوەکانی رابردوو بۆ دەوڵەمەند کردنی نامێلکەکان یارمەتی داوم. هەر تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

# ناوەڕۆک

* بەربوونی عەزیز یۆسفی ................ ٢

* بەیاننامەی بورۆی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عەزیزی یۆسفی ...... ٢

* کۆچی دوایی کاک عەزیز ............... ٦

* عەزیز یووسفی نموونەی ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێر.............. فەتاح کاویان ...................... ٩

* کاک عەزیز یوسفی .............. جەلیل گادانی ............... ١٣

* خەباتکاری گەورە، نەمر عەزیز یۆسفی لە دەلاقەی وتووێژێکی نێو بەندیخانەوە.......... برایم قەززاق ............. ١٤

* عەزیز یوسفی قارەمانێک کە ناوی بۆ هەمیشە لە دڵی نیشتمانپەروەراندا دەمێنێتەوە.........حامید گەوهەری............. ٢٢

* لە ١٧ی جوزەردانی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی، شاری مەهاباد بۆ جارێکیتر بوو بە بنکەی سەرهەڵدان............ ٢٨

* بۆ کاک عەزیز یوسفی [ هۆنراوە ] ............ نووسینی مەرزە جەوانمەرد................ ٣٠

* بۆ مەرگی خەباتکاری ناکام، عەزیزی یوسفی [ هۆنراوە ] .............. مەلا غەفوور دەباغی ............... ٣٢

وەلامی عەزیز یوسفی : بەو پرسیارەی بەرپرسی زیندان کە دەڵێ : ئاخر ئابرووی وڵات لە مەترسیی دایە.

(کام وڵات؟ وڵاتی تۆ یان وڵاتی ئێمە؟ وڵاتی زیندان سازان، زاڵمان، درۆزنان، ڕێگران، یان وڵاتی زیندانییەکان، خەباتکاران، زەحمەتکێشان؟ بەرێزان، وڵاتی ئێمە و ئێوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. لە زەوییەوە تا ئاسمان پێکەوە جیاوازن. ئێمە بۆ نیشتمانی خۆمان لە شکەنجە و زیندان و مەرگ ناترسین، بەڵام ئێوە ئەو نیشتمانە دیلکراوەتان تەنیا بۆ دۆشینی پتر، مژینی پتر و مژتنی پتری شیرەی دەرونی ئەو دەوێت. هەر ڕۆژێک کە هەست بە مەترسییەکی بچوک بکەن، لەو نیشتمانە ڕادەکەن!
نیشتمانی ڕاستینی ئێوە لە گیرفان و هەگبەکانتاندا لەگەڵ خۆتان دەبەن.)

## بەربوونی عەزیز یۆسفی



تێکۆشـانی حیزبـی ئێمـە پێکـەوە لـە گـەڵ ئامێسـتی نێونەتەوایـەتی و ڕێکخراوەکانی ئێرانـی و وڵاتـانی تـر بـە نەتیجـە گەیشـت، ڕێژیمـی شـا ناچـار بـوو پاشەکشـەیەکی دیکـە بکـا. لـە مـانگی رابـردوو دا ٩١ کـەس لـە زینـدانیانی سیاسـی ئـازاد کـران، کـە عـەزیز یۆسـفی یـەکێک لـە وان بوو.

ئێمـە دڵخوشـی خۆمـان لـەو سـەرکەوتنە دەردەبڕین و پیرۆزبـایی لـە گشـت زیندنیـە سیاسیە ئـازاد کراوەکـان و خـاو خێزانیـان دەکـەین و هیـوادارین کـە کـاروانی خـەباتی گـەلانی ئێـران بەرنەدەن و هەتا دوا قۆناخ لە گەڵی برۆن.

بـەڵام نـابێ لـە بیرمـان بچـێ کـە زیندانـەکان ئێـران لـە زینـدانی ئـاخنراون. ئێسـتاش بـە هـەزاران ڕۆڵـە تێکۆشـەر لـە بـەر خـەباتیان لـە ڕێگـای ئـازادی و بـەختیاری گـەلانی ئێـران لـە بەندیخانـەکانی حەمـە رەزا شـا دا بەنـد کـراون. غـەنی بلوریـان ئـەوە نێزیکـەی بیسـت سـاڵە لە زیندان دایە.

تـێ بکۆشـین تـا ڕێژیمـی شـا ناچـار بکـەین غـەنی بلوریـان و هـەموو زینـدانیانی سیاسـی دیکـە بـەر بـدا. لـە بیرمـان بـێ زینـدانیانی سیاسـی لـە ڕۆڵـە هـەرە بەشـەرەفەکانی خـەڵکی ئێـران و تێکۆشـان بـۆ ئـازادی ئـەوان تێکۆشـان بـۆ دێموکراسـی و ڕێـدانان بـۆ ئـادەمیزاد، تێکۆشـان بـۆ لە قاو دانی ڕێژیمی شایە.

سەرچاوە : رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٧ / ریکەوتی / خاکەلێوەی ١٣٥٦ / ئاوریلی ١٩٧٧ / دووبار تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی

## بەیاننامەی بورۆی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عەزیزی یۆسفی



بـورۆی سیاسـی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان زۆر بـە پەرۆشـەوە خەبـەری دڵتـەزێنی کـۆچی دوایـی هـاوڕێ عـەزیز یۆسـفی، ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانی ئێـران بـە هاوڕێیانی حیزبی، دۆستان و هاونیشتمانانی بەرێز رادەگەیێنێ.

هـاوڕێ خۆشەویسـتامان عـەزیز یۆسـفی رۆژی سـێ شـەممە ١۶ی جـۆزەردانی ١٣٥٧ [ ۶ی ژوئـەنی ١٩٧٨ ] بـە نەخۆشـی دڵ لـە تەمـەنی پـەنجا و دوو سـاڵی دا لە تاران کۆچی کرد.

هاورێمـان لـە بەندیخانـە تووشـی نەخۆشـی جـۆر بـە جـۆر ببـوو کـە یـەکێکیان نەخۆشـی دڵ بـوو. پـاش بـەربوونی لـە زینـدان زۆری هـەوڵ دا بـۆ موعالجـە بـۆ دەرەوە سـەفەر بکـا بـەڵام رێژیمی شا حازر نەبوو رێگای بداتێ.

کـاک عـەزیز لـە سـاڵی ١٣٠٥ لـە دایـک بـوو و سەرانسـەری ژیـانی پـەنجاو دوو ساڵەی خـۆی بـۆ تەقـەلا و تێکۆشـان لـە پێنـاو رزگـاری زەحمەتکێشـان، مـافی دانـانی چـارە نـووس بـۆ گەلی کورد و دابین کردنی رێژیمێکی دێموکراتی لە ئێران تەرخان کرد.

کـاک عـەزیز لـە سـەرەتای گەنجیەتیـەوە لـە خـەباتی گەلەکەمانـدا بەشـدار بـوو و یـەکێک لەوانـە بـوو کـە دەسـت بـەجێ پـاش تێکشـکانی جووڵانـەوەی دێمـوکراتی گـەلانی ئێـران لـە سـاڵی ١٣٢٥ و لـە نـاو چـوونی کۆمـاری کوردسـتان لـە مـەهاباد، دەسـت بـە خـەباتی نهێنـی دژی رێژیمـی شـا کـرد و لـە گـەڵ هێنـدی لـە هاورێیـانی هاوخـەباتی، رێکخراوەکـانی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی لە مەهاباد زیندوو کردنەوە.

لەبـەر ئـەم تێکۆشـانە هـاورێ یۆسـفی لـە سـاڵی ١٩٢٧ گیـرا و بـە چـوار سـاڵ زینـدانی مـەحکووم کـرا. کـاک عـەزیز لـە بەندیخانـەش خـەباتی خـۆی درێـژە پێـدا و بـە تایبـەتی خـەرێکی بـەرز کردنـەوەی پایـە خوێنـدەواری خـۆی بـوو. کاتێـک لـە سـاڵی ١٣٣١ لـە زینـدان ئـازاد بـوو. بـە ئەنـدامی کۆمیتـەی حیزبـی لـە مـەهاباد هـەڵبژیردرا. پـاش کوودێتـای شـوومی ٢٨ی گـەلاوێژ کـاک عـەزیز ماوەیـەک کـاری نهێنـی دەکـرد تالـە ساڵی١٣٣٤ بـوو بـە ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لەساڵی١٣٣٤ کـاک عـەزیز دیسـان گیـرا و پـاش ئـەوەی دوو سـاڵ لـە زینـدان مایـەوە، بـەربوو. بـەڵام مـاوەی ئـازادی زۆر درێـژ نـەبوو، رێژیمـی شـا شەخسـی هـاورێ یۆسـفی بـە دوژمنێکـی گۆلنـەدەر و پـڕ لـە مەترسـی دادەنـا بۆیـە دیسانەکە لـە سـاڵی ١٣٣٧ گیـرا و ئـەم جـارە بـە تـاوانی ئەندامـەتی و مەسئوولیەت لـە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان دا، لـە لایـەن دادگای نیزامییەوە بە ئێعدام مەحکووم کرا.

ئیعتـرازی بـەرینی بیـرورای گشـتی جیهـانی رێژیمـی وا ناچـار بـە پاشەکشـە کـرد و پـاش سـاڵێک حـۆکمی ئێعـدامی گـۆری و کـردی بـە حەپسـی ئەبـەد، هـاورێ یۆسـفی نـۆزدە سـاڵی دیکـەش لـە زینـدان مایـەوە و تـەنیا لـە نەتیجـەی خـەباتی حیزبـی ئێمـە دا و بـە یارمـەتی رێکخراوەکـانی نێـو نەتەوایـەتی بـە تایبـەتی ئامێسـتی، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٣٥٦ دا لـە زینـدان ئـازاد کـرا. بـەم جـۆرە کـاک عـەزیز لـە سـەریەک، چواریـەکی چـەرخێک واتـە نێـوەی تەمەنی خۆی لە زیندان بە سەر برد.

هـاوڕێ یۆسفی لـە ماوەیـە بیست و پێـنج ساڵ زینـدانی کێشـان دا هـەرگیز سـەری بـۆ ڕێژیمـی شـا دا نەنوانـد، . ئیمـان و بـڕوای هاوڕێمـان بـە هێـزی لـەبن نـەهاتووی گـەل و ئامانجەکانی، بۆ هەمووان نموونە بوو.

پاش بـەربوونی لـە زینـدان هـاوڕێ یۆسـفی لـە لایـەن جیرەخـوارانی ساواکەوە بـەردەوام ئابلۆقـە درابـوو. لـە زۆر جێگـاوە پێشنیاری کاریـان بـۆ کـرد بـەڵام ڕێـژیم هەمێشـە کۆسـپی بـۆ هێنایە پێش و تەنانەت نەیهێشت شرکەتە تایبەتیەکانیش کارێکی پێ بسپێرن.

خـەڵکی کوردستان بـە گشـتی و خـەڵکی مـەهاباد بـە تایبـەتی لـە مـاوەی ئـەو یەکساڵە دا کـە کـاک عـەزیز ئـازاد بـوو وەک ڕۆڵـەیـەکی بـەنرخ و خەباتکـەر پێشـوازیان لێکـرد و ڕێزیـان بـۆ دانا.

پاش مردنـی پتـر لـە دە هـەزار کـەس لـە ئاشـتنی مەیتەکـەی دا بەشـداریان کـرد. بـەم جـۆرە خـەڵکی کوردسـتان لـە کانگـای دڵـەوە ڕێزیـان دانـا بـۆ ڕۆڵـەی لێوەشـاوەی خۆیـان، بـۆ خـەباتی دوور و درێـژی، بـۆ لـەخۆ بـووردنی لـە ڕێگـای گـەل، بـۆ حیزبەکـەی حیزبـی دێموکڕاتی کوردستان.

بـە کـۆچی دوایـی هـاوڕێ یۆسـفی، ئینسـانێکی بـەنرخ، خەباتکـەرێکی شـلگێر و کـۆڵ نـەدەر، هاوڕێیـەکی ئـازا و لـە خۆبووردوومـان لـە دەسـت دا. ئێمـە لـە هـەموو خەباتکـەرانی ڕێگـای ئـازادی، لـە هـەموو ئەنـدامانی حیـزب و خـەڵکی کوردسـتان و کـەس و کـاری هـاوڕێ یۆسـفی سەرەخۆشـی دەکـەین و بـەڵێنی دەدەیـن کـە خـەباتی خۆمـان تاگەیشـتن بـەو ئامانجانـەی کـە هـاوڕێ یۆسفی ژیـانی خـۆی لـە پێنـاوی دا بـێ ئـەم لاو ئـەو لا قوربـانی کـرد درێـژە پـێ بـدەین. ڕێگـای هـاوڕێ یۆسفی، ڕێگـای حیزبـی ئێمەیـە و هاوڕێمـان تـا مـردن بـە ئامانجـەکانی حیـزب وەفادار ما.


حیزبـی ئێمـە و گـەلـی کـورد بـە تێکرایـی هەمیشـە بـەڕێزەوە بیـری هـاوڕێ یۆسـفی دەکـاو و نـاوی هـاوڕێ مـان لـە دڵـی خەباتکـەرانی ڕێگـای ئـازادی گەلەکـەمان دا بـۆ هەمیشـە زینـدوو دەمێنێتـەوە، و وەک مەشـخەڵێکی ڕوونـاک لـە ڕێگـای پـڕ لـە تـەنگ و چەلەمـە و تـارێکی خەباتمان دا ڕێنوێنیێ مان دەکا'

سڵاو لە گیانی پاکی عەزیز یۆسفی ڕۆڵەی خەباتکەر و بەنرخی گەلی کورد!

بورۆی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە :ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە : ٥٢ / ڕیکەوتی/ ١٩ی جۆزەردانی ١٣٥٧ / ٩ی ژوئەنی ١٩٧٨ دووبار تایپ کردنەوە : ڕەحمان نەقشی

## کۆچی دوایی کاک عەزیز



خەبەری مەرگی عەزیز یۆسفی لە بەیانی ڕۆژی ۱۶ی جۆزەردان لە تاران بڵاو بووتەوە. نوێنەرانی هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران لە تاران، هەروەها کوردستانیانی دانیشتووی تاران ڕوویان لە مەیدانی شەهیاد کرد تا بەر لەوەی تەرمی کاک عەزیز بۆ مەهاباد بەرێ بکرێ بۆ دوا جار ویداعی لە گەڵ بکەن.

هەشت ترومبێل کە نێزیکەی چل کەس دەبوو بەرەو مەهاباد وەرێ کەوتن و سەعاتی چواری بەیانی گەیشتە میاندواو، لە مەهابادەوە خەڵکێکی زۆر بە پێشوازی مەیتەکە بۆ میاندواو هاتبوون و چونکە پۆلیس نەیهێشتبوو بچنە ناوشاری بەرێک و پێکی لە بەر دەروازە ڕاوەستا بوون. لەوانە زۆر کەس لە سەعاتی نۆی شەوی هەتا چواری بەیانی توونی و برسی چاوەروان بوون، ریزی ئەو ترومبێلانە کە تەرمی کاک عەزیزیان بۆ مەهاباد برد لە سێ کیلۆمێتر زیاتر بوو پۆلیس و لەشکر بە تانگ و زرەپۆشەوە شەقامەکانی مەهاباد، بە تایبەتی پێش شەهرەبانی و ستادی لەشکریان گرتبوو. پاش گەیشتن بە مەهاباد مەیتی کاک عەزیز لە خانەقای نەهری داندرا.

بەیانی سەعاتی نۆی ڕۆژی ۱۷ی جۆزەردان مەیتەکە بە هێمنی و بەرێز و بەدەستە گوڵی جوان جوان لەسەر شانەوە بۆ قەبرستانی برا. ئەو ڕۆژە دۆکان و بازار لە مەهاباد داخرا بوو. خەڵک هەموو لە خوێندکار و مامۆستا و بازاری و ژن و پیاو هاتبوون. زۆر کرێکار و وەستا دەبێندرا کە دەستیان لە نێو قور دەرهێنا بوو. هەر بەم جۆرە هاتبوون بۆ سەر قەبران، نوێنەری هەموو شارەکانی کوردستانی ئێران لەسەر قەبری کاک عەزیز حازر بوون.

لە پێش دا مامۆستا شێخ عزالدین [ ئیمان جومعە ] ی مەهاباد لە گەڵ ئەوە کە پیاوێکی پیرو نەخۆشە بۆ خۆی هاتبوو بۆ سەر قەبری کاک عەزیز، دەستی کرد بە تەلقین دادان بە زمانی کوردی کە بە میکرۆفۆن بڵاو دەکرایەوە پاش تەلقین، ئیمام جومعە گوتی :

کاک عەزیز شەهیدێکە لە سەرەوەی شەهیدان و ڕۆژی قیامەت لە ڕیزی پەیغەمبەران ڕاوەستی چونکە وەک پەیغەمبەران بۆ میللەتی خۆی زەجرو ئەشکەنجەی کێشاوە، لە پاشان قسەکانی بەم شێعری حافظ :

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق
ثبت است در جریده عالم دوام ما

بەو نێوە شێعرە پیرەمێرد :

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین

تەواو کرد. بە دوای ئەو دا یەکێک لە یارانی نیزیکی کاک عەزیز کورتەیەکی لە بارەی ژیانی کاک عەزیز پێشکەش کرد و گوتی :

کاک عەزیز لە باوەشی من دا دوا هەناسەی کێشا. چەند دەقیقە پێش تەواو بوونی لێم پرسی وەسیەتت نیە. گوتی : لە هەموو برا کوردەکان دەخوازم ڕێ و شوێنی من بەر مەدەن و هەتا دەتوانن بۆ سەربەستی و کامەرانی میللەتی کورد تێ بکۆشن.

ئەم قسانە تەئسیرێکی زۆریان دەدڵی ئەو چەند هەزار کەسە کرد کە لە سەر قەبری کاک عەزیز حازر بوون. پاش نێوەڕۆ ڕۆژی ١٧ و هەروەها ڕۆژی ١٨ی مانگ سەرخۆشی لە خانەقا دامەزرێندرا. ڕۆژی سێهەم نیزیکەی ٢٠ هەزار کەس لە خانەقاوە چوون بۆ سەر قەبری کاک عەزیزی. لەماوەی ئەو دوو ڕۆژە دا کێلێکی قەبری زۆر جوان دروست کرا بوو و لەسەر قەبرەکەی داندرا بوو کە بە کوردی بەسەرهاتی کاک عەزیزی لە گەڵ ئەو نێوە شێعرەی پیرە مێرد :

نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین.

لێ نووسرا بوو.

ڕۆژی سێهەم زۆر کەس لەسەر قەبری کاک عەزیز قسەیان کرد کە ئێمە کورتەی قسەکانیان لێرە دا بڵاو دەکەینەوە، یەکێک لە یارانی کاک عەزیز بەرنامەکەی کردەوە و گوتی :

ئەم ئینسانە بەنرخە ئەوڕۆ لە نێو ئێمە دا نیە بەڵام بیرو بڕوای وی و ئامانجەکانی هەمێشە زیندوو و بەرقەرارن. هەر بەرێز بێ یادی کاک عەزیز خۆشەویست.

بەدوای ئەو دا گوتارێکی کورت لەسەر ژیانی کاک عەزیزی لە دەست چوو خوێندرایەوە.

لەم گوتارە دا کوترا کاک عەزیز دەچوو بەرەوپێش بۆ خەبات، بۆ گەیشتن بە ئامانج بەرەو پێش دەچوو حۆکم درا حۆکمی مەرگ، بەڵام کوا مردن بۆ پالەوانان جێ ترسە. نەخۆشی و قاتی و قری، بێ بەشی لە هەموو مافی ژین ئەوی لە ئارمان و ئامانجی

خۆی دا شل نەکردەوە، هەتا لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی دا گوتی :

تەنیا ئاواتم ئەوەیە گەلەکەم بە پێشمەرگەی خۆیانم بزانن.

ئێستا ئەو ناکامە بەشەرەفە و نەبەزە بەداخەوە پێش گەیین بە ئامانج کۆچی دوایی کردوە، هەزاران چاوی پڕ لە پرسیار و هەزاران دڵی زامداری بەجێ هێشت. بێ گومان مەبەستە گەورەکانی دەتوانی ڕێنوێنێکی دیاری و زیندوو بێ و ئاگادارانی خاوەن بیرو بەرە و مافی مرۆ، بەرە و رزگاری، بەرە و هەول و خەبات تین بدا. بە تێکرایی بەڵینی دەدەین ئەی برای لە دەست چوو، ئەی هاوڕێ ڕۆژانی ڕەش لە دەست چووکانی تر، بەڵێنی دەدەین کە بیرتان ئەکەین ... لە ڕۆژی خۆی زۆر لەوە زیاتر ڕێزتان لێ بگرین و پەیامی سەربەستی تان بە بانگەوازیکی دنیاگر بۆ بنێرین. ژیانی قارەمانانەی تۆ ئەوەی سەلماند کە بۆ سەرکەوتن لە ڕێگای رزگاری دا تاچەرادەیەک مرۆ دەبێ خۆی بەخت کا... ژیانی نەبەزانەی ئەوەی سەلماند لە بەرامبەر زۆردار و خوێنمژ و جەلاد، چەند دەبێ پتەو و کۆل نەدەر بێن و چۆن بێ وچان بەویژادن هەول بدەین تاسەرکەوین. بەندو زنجیر لەو ماوە دوور و درێژە دا نەیتوانی ئێرادەی ئەو تێک بشکێنێ.

پاش ئەو خوشکێکی دیکە شێعری خوێندەوە :

لە هەموو لایەک ئەورۆ ڕۆرۆیە
دایکی نیشتمان چاوەری تۆیە

بە دوای ئەوە دا برادەریکی دیکە گوتی :

ڕۆژی هیوای گەلی کورد بوو
ڕۆژی پێ هەڵگوتنی ناوێ
بەجێ نەهێشت سەنگەری خەبات
سەری نەنواند بۆ مەبەستی
خۆی کرد بە قوربانی وڵات
سەری دانا بۆ مەبەستی


لە ماوەی ئەم کۆبوونەوە مەزنە دا زۆر جار خەڵک هەموو پێکەوە هاواریان دەکرد : شەهیدی کوردستانی ڕەفیقی سولەیمانی لە دوایی دا خەڵک چوونە سەر گۆری شەهید سولەیمانی موعینی و لەوێ را بەشێک لە لاوان بە شێعار دان و بە سروودی ئەر ڕەقیب گەرانەوە نێو شەقامەکانی مەهاباد پۆلیس و ژاندارم چەند جار ویستیان پێشی

خۆپیشاندانەکە بگرن بەڵام سەرنەکەوتن.

بەم جۆرە پاش ساڵەها خۆنۆاندنێکی زۆر بەرێن پێک هات کە هەموو خەڵکی مەهاباد تێدا بەشدار بوو و بیری رزگاریخوازی و یەکدەنگی خۆی بە جوانی دەرخست و نیشانی دا کە شاری پێشەوا قازی خۆنواندنی زۆر بەرین تر و خەباتی زۆر توندو تیژتر چاوەروان دەکرێ.

سەرچاوە : کوردستانی ژمارە / ٥٢ / ریکەوتی / مانگی پووشپەڕی ١٣٥٧ / ژووئیەی ١٩٧٨ ، دووبار تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی

## عەزیز یووسفی نموونەی رووناکبیرێکی شۆڕشگێر



به بۆنەی ٢٢ساڵەی کۆچی دوایی یەوە

فەتتاح کاویان

کاک عەزیزی یووسفی لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گەڕەکی رزگەییانی مەهاباد و لە بنەماڵەییەکی مام ناوەندی دا لە دایک بووە، سەردەمی منداڵیی خۆی، هەروەک هەموو منداڵە کوردێکی ئەو سەردەمە تێپەر کردو دەورەی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد، هەر لە یەکەم ساڵی خوێندنی دەبیرستان دا بوو کە رێژیمی پاشایەتی لە موکریان نەماو، بەرێوەبردنی شاری مەهاباد بە شوورایەک ئەسپێردرا کە سەرۆکەکەی قازی محەممەد بوو کە ئێستا نە کۆماری کوردستان دامەزرا بوو، و نە ئەو شەهیدە مەزنە ببوو بە سەرکۆمار.

کاتێک کە رێکخراوی لاوانی کوردستان پێک هات کاک عەزیز و زۆر لە هەواڵەکانی بوون بە ئەندامی ئەو رێکخراوو و زۆر چالاکانە هەڵ دەسووران.

دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی پێشەوا و هاوڕێکانی، زۆر کەس دووچاری نامومیدی ببوون، بەڵام کەم نەبوون ئەو رۆڵە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان کە هەر زۆر زوو بۆ هەستاندنەوە سەرپێی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئازایانە وەخۆ کەوتنەوە. کاک عەزیز یەکێک لەو رۆڵە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان بوو.

لە ساڵی ١٣٢٧ دا پۆلیسی شا، کە لە هەلسوورانی کاک عەزیز و هاوڕێکانی دردۆنگ و بە گومان بوو ژمارەیەکی لێ گرتن و دادگایی کردن، کاک عەزیز یەکێک لەوان بوو.

کاک عەزیز دوای ئازاد بوونی لە زیندانی تەوریز و گەڕانەوەی بۆ مەهاباد، سەر لە نوێ کار و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکردەوە و، ئەمەش هاوکات بوو دەگەڵ پەرە ئەستاندنی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران لە ژێر رێبەرایەتیی [ جبهە، ملی ] و بەسەرۆکایەتیی دوکتور محەممەدی موسەدیق.

پاش کودیتای شا لە دژی حکوومەتی دوکتور مەسەدیق، کاک عەزیز بە نهێنی تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا، بەڵام سەر لە نوێ گیرایەوە و بە زیندان مەحکووم کرایەوە، دوای چەند ساڵ زیندانی بوون لە ساڵی ١٣٣٥ ئازاد کراو جوو بۆ تاران لە شیرکەتێکی غەیرە دەوڵەتی دامەزرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٧ دا کاک عەزیز بەمەبەستی کاری حیزبی لە تارانەوە بەرە و کوردستانی عێراق وەڕێ کەوت، بەڵام لە گوندی باڵانیشی نزیک ورمێ گیرا. لە کاتی دسگیر بوونی دا چەند بەڵگەیەکی حیزبی کە لە گیرفانی دا بووە بە دەستەوەی نەدان و لە ژێر لیدان و کوتانی چەکدارەکانی رێژیم دا، هەمووی خواردن.

جوامیری و ئازایەتیی کاک عەزیز بەرادەیەک بوو کە لە ماوەی ١٦ مانگ رەبەق دا کە لە زیندان دا مابۆوە، سەرەڕای ئەوەی کە لەو ماوەیە دا بە نیوبر ئەشکەنجە دەکرا، هیچ شتێکی نەدرکاندو ناوی هیچ کام لەو کەسانەی نەبرد کە لە بواری حیزبایەتی دا پێوەندی یان دەگەڵی هەبوو. بەڵام کاتێک لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٣٨ دا دوو - سێ کەس لە کادرەکانی حیزبی لە کوردستانی ئێران گیران و رێکخراوەکانی حیزب لە هەموو شارەکانی کوردستان لە سنەوە هەتا ورمێ ئاشکرا بوون و ئەندامەکانیان بەدەستی ساواک گیران و لە [ قزل قلعە ] خرانە بەندیخانەوە، دەکرێ بڵێین هیچ شتێکی نهێنی نەمابۆوە، کاک عەزیزیش ناچار بوو چالاکی یە حیزبی یەکانی بدرِ کێنێ.(*)

لە دادگای نیزامی [ بدوی ] ( سەرەتایی ) دا کاک عەزیز و دوو کەس لە ئەندامانی رێبەری و کادریکی نهێنی حیزب بە مەرگ مەحکووم کران لە دادگای [ تجدید نظر ] مەحکوومییەتی کادرەکە کرا بە زیندانی ئەبەد. بەڵام بەرێوەبردنی حوکمی مەرگ کە دەبوو ئەوپەرەکەی دوای قبووڵ نەکردنی داوای [ استئناف ]ی ئەو سێ کەسە بەرێوە چووبا و هەر سێکیان ئێعدام کرابان، رێژیمی شا هەروا دەستی ڕاگرت و بەرێوەبردنی ئە حوکمانەی وەدوا خست هۆیەکەشی ئەوە بوو کە شا لە دەنگدانەوەی کوشتنی ئەو کەسانە لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کورد دا دەترسا. بیجگە لەوەش هەم خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و، هەم وەزیری فەرهەنگی ئەو کاتی فەرانسە، ئاندرێ مالیرو، کە

کورد ناسیکی مەزن بوو، داوای بەخشینیان بۆ کردن، لە ئاکام دا، دوای چوار مانگان بەو سێ کەسەیان ڕاگەیاند کە شا لێ یان خۆش بووە و، حوکمەکەیان شکاوە و کراوە بە زیندانی ئەبەدە.
کاتیک هاتن ئەو هەواڵەیان ڕاگەیاند، کاک عەزیز گوتی : [ ئەگەر بەخشین و لیبووردنیک لە گۆڕێ بێ، ئەوە ئێمەین کە دبێ لە تاوانی ئەو جینایەتکارانە خۆش بین کە هەرگیز لێ یان خۆش نابێن.]
هاوڕێی نەمرعەزیز یووسفی لە کونفرانسی یەکەمی حیزب دا [ بەهاری١٣٣٤ ] بە ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزب هەڵبژیردڕا لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبیش دا [ سەرماوەزی ١٣٤٣ ] لە حاڵێک دا لە زیندان بوو، بە شێوەیەکی غیابی، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژیردڕایەوە.
بەم جۆرە کاک عەزیز هەتا ساڵی ١٣٥٦ لە زیندان دا مایەوە و سەرئەنجام بە هەوڵ و کوششی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان – لەو پێناوە دا دوکتور قاسملووی شەهید نەخشێکی زۆر باشی هەبوو لە زیندان ئازاد کراو زۆری پێ نەچوو کە بەهۆی نەخۆشیی دڵ لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٥٧ ، لە تاران دڵی پڕ ئاواتی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.
شایانی باسە، کە نەخۆشیی دڵی کاک عەزیز زیاتر بە هۆی ئیشی گورچیلەکانی تووشی بوو، ئیش و ئازارێک کە لە سەرانسەری ماوەی ئاخرین دەورەی زیندانی بوونی دەگەڵی بووە، ئەویش بە هۆی ئەشکەنجەوە لیی پەیدا بوو.
هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی کاک عەزیز بۆ مەهاباد یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەیە کە لە کەم شاریک دا بینراون. چونکە خەڵکێکی ئەوەندە زۆر بۆ پێشوازی لە تەرمەکەی – بەشێک هەتا مەراغە و بەشێک هەتا میاندواو بەرەوپیری چوو بوون کە ماشینەکانیان زیاتر لە ١٠ کیلومیتران جاددەیان گرتبوو . لە ڕێورەسمی بە خاک ئەسپاردنی لە گۆرستانی ئەسحابەی سپی دا، حەشیمەتێکی ئەوەندە زۆر کۆبۆوە کە ڕێی ریداری نەبوو، دیارە بەشێکی بەرچاوی ئەو حەشیمەتە خەڵکی شارەکانی کوردستان هەر لە کرماشان و سنەو بگرە هەتا ورمێ و سەلماس بوون ژمارەیەکی زۆریشیان تورکی ئازەربایجانی دەگەڵ بوون کە کاک عەزیزیان دەناسێ.
هەروەک نووسەری شۆڕشگێر و بە ناوبانگی تورک [ صمد بهرنگی ] [ گوتوویەتی بۆم گرنگ نیە لە کوێ کەنگی دەمرم، گرنگ ئەوەیە کە مردنەکەم چ شوێنەوارێک لەسەر ژیانی ئەوانی دیکە دادەنی. مردنی کاک عەزیزیش بوو بە هۆی هەژاندنی هەستی

تـــوورەیی و بیزاریـــی خـــەڵکی بەشـــدار لـــە ڕێورەســـمەکەدا و، لـــە پـــڕ لـــە هـــەموو لایەکـــەوە دەنگـــی دروشـــم دانـــی ئـــەو خەڵکـــە بـــەرز بـــۆوە و، بـــەرەنگاریی دەگـــەڵ هێزەکـــانی پـــۆلیس و ساواک دەستی پێـی کـرد کـە هـەتا ئێـوارە درەنگانیـک هـەروا درێـژەی هـەبوو. ئـەوەش لـە ڕاسـتی دا یەکـەم تەقینـەوەی ڕق و قینـی خـەڵک بـوو لـە کوردسـتانی ئێـران کـە پـاش ڕاپەڕینی خەڵک لە شارەکانی قووم و تەوریز سەری هەڵدا بوو.

سـەبارەت بـە کەسـایەتی کـاک عـەزیز – بـە شـایەدیی هـەموو ئـەو کەسـانە کـە لـە زیندانـەکانی شـا و لـە دەرەوەی زینـدانیش لیـی نزیـک بـوون، دەبـێ بڵـێم کـە بیجگـە لـە ئازایـەتی یەکـەی کـە لـە ئیمـان بەریبازەکەیـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو یـەکجار دڵ ئاوالـەو بەخشـەندە بـا سـەواد و لـە نووسـین دا خـەت خـۆش و بـەتوانا، بـێ دەعیـە و بـێ هـەوا داویـن پاک و ڕاستگۆو [ ڕک و ڕاست ] بوو.

یـادی کـاک عـەزیز و هـەموو ڕێبـوارانی شـەهیدانی ڕێگـای ئـازادیی گـەلی بەشـخوراو دابەشکراومان پیرۆز بێ

---

* ئامـاژە کـردن بـۆ ئـەم ڕاسـتی یە دەتـوانی تـا ڕادەیـەک ئازایـەتی و خـۆڕاگری کـاک عـەزیز لـە بەرامبـەر ئەشـکەنجەکەرانی سـاواک دا نیشـان بـدا لەسـاڵەکانی دەیـەی ١٣٤٠ دا [ اسـتواریکی ] ئەرتـەش بـە نـاو سـانی دەسـتە ڕاسـت و هەمـە کـارەی سـپهبد تـەیمووری بـەختیار سـەرۆکی سـاواک و بەرپرسـی زینـدانی [ قـزل قلعـە ] بـوو. سـانی هـەر چەنـد بەتـەواوی لـە خزمـەت ڕێژیمـی پاشـایەتی دا بـوو. بـەڵام پیـاویکی جـوانمیر و بـە دڵ و دەروون بـوو زۆری قـین ئـەم زینـدانی یانـە بـوو کـە ترسـەنۆک بـوون و لـە ژێـر ئەشـکەنجە دا خۆیـان ڕانـەدەگرت و هـەرچی بیانزانیابـا دەیاندرکانـد. سـانی زۆر جـاران بەسـەر ئـەو جـۆرە کەسانەی دا دەگۆڕانـدو بـە فارسـی پێـی دەگـوت [ سـەگ بـاب ] ئـەتۆش نـاوی خـۆت نـاوە شۆڕشـگیر؟ لێـرە پیـاوی وەک خوسـرەوی ڕۆزبـەی لـێ گیـراوە ئەگـەر پیـاوی ئـەو جـۆرە کارانـە نـەبووی چـت بـەو کارانـە دا بـوو" بـەڵام هـەر ئـەو [ استوار ] سـانی یـە ئـەو پـەڕی ڕێزی لـە کـاک عـەزیز دەگـرت و هـەر کـات یـەکێک لـە زینـدانی یـەکان داخـوازی یـەکی هـەبا کـە جـێ بـە جـێ کردنـی بـۆ سـانی دژوار بـا. سویندی دەخـوارد کـە نـابێ سویندەکەشـی هەمیشـە بەسـەری کـاک عـەزیزی بـوو. چونکـە هـەروەک پێشـتریش باسـم کـرد. کـاک عـەزیز ماوەیـەی ١٦ مانگـان لـە ژێـر ئەشـکەنجە و ئـازار دا خـۆی ڕاگـرت بـوو و هـیچ شـتێکی نەدرکانـد بـوو بەڵام دەکرێ بڵێن هەموو جاریش کاک عەزیز داخوازەکانی زیندانی یەکانی پێ جێ بە

جێ دەکرد.

سەرچاوە : کوردستانی ژمارە ٣١٣ / ریکەوتی / ٢١ی جۆزەردانی ١٣٨٠ / ای ژوئەنی ٢٠٠١ ، دووبار تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی

## کاک عەزیز یوسفی



جەلیل گادانی

کاک عەزیز یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دوای نزیک بە ٢٥ ساڵ لە بەند دا بوون کە دواجار ١٩ ساڵی تەواو لە بەندیخانەکانی شا دا مابووەوە، تووشی نەخۆشی ببوو و لە ساڵی ١٣٥٦ لە بەندیخانە رزگار ببوو، بەداخەوە لە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٥٧ لە تاران فووتی کرد. لەسەر پێشنیازی جەلیل گادانی و چەند هاوڕێی دیکەی حیزبی تەرمەکەی بردراوە بۆ مەهاباد، بەڵام تەرمەکەی هەر لە تاران کە وەدەرکەوت. لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە بەدرەقە کراو لە مەیدانی شەهیادی ئەو کات کاک سارم الدین سادق وەزیری بە فەرمایشە جوانەکانی دڵی عالەمی هەژاند. بە پێچەوانەی تێبینی ئەمنییەتی بەرپرسانی رێژیم جادە و شەقامەکانی میاندواو و مەهاباد پڕ لە پۆلیس کرا بوون . بەڵام سەرەڕای ئەوەش رێ و رەسمەکە جۆرێک رێکخرا کە بە هەزاران کەس لە رێ و رەسمی بە خاک سپاردنی دا بە رێپێوان بەشدار بوون. لە گۆڕستان جەلیل گادانی وێڕای باسێکی کورت لەسەر ژیانی تێکۆشەر عەزیز یوسفی و سوپاس لە جەماوەری دڵسۆزی شاری پێشەوا قازی، داوای لە مامۆستا شێخ عیزەدین کرد بە کوردی و بە لەباری تەڵقێنی بدا. ئەویش تەئسیری تایبەتی خۆی دانا.

سەرخۆشییەکی سێ رۆژی زۆر قەرباڵغ و سیاسی لە خانەقای نەهرێ بۆ داندرا، رۆژی سێهەم بە پێچەوانەی هەڕەشەی ساواک زیاتر لە بیست هەزار کەس کە لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانیش راهاتبوون. رێپێوان لە شوێنی سەرەخۆشی را تا سەر گڵکۆکەی دەستی پێکرد. لەم رێ و رەسمە دا چەند کەس بەهەستی خاوێن و نێوەرۆکی سیاسییەوە قسەیان کرد کە بریتی بوون لە:

١- کاک جەلیل گادانی

٢- حەوسەت دەبباغی

٣- فەوزیە جەوانمەرد

٤- موهەندیس سلێمان تیکان تەپە.

شوێنەوای ئەم ڕێ و ڕەسم و قسانە بەرادەیەک بوو کە خەڵک لە گەرانەوە دا چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان سلێمان موعینی و مەلا مەحموودی زەنگەنە. لەویش لە لایەن کاک عومەر قازییەوە چەند قسە و دروشمێک گوترا. جەماوەر کە هاتنە سەرشەقام، دەستیان بە دروشم دان دژی ڕێژیم کرد و بوو بە خۆپیشاندان.

ئەو کارانەی لە پێوەندی لە گەڵ فووتی کاک عەزیز یوسفی دا بەو شێوەی باس کرا و لە پێشدا هاتنە گۆڕێ، یەکەم خۆپیشاندانی کوردستان لەم فەترەیە دا بوو.

ساواک بە دوای ئەم خۆپیشاندانانە دا لە ماوەی دوو رۆژ دا نزیکەی چل کەسی لە خەڵکی مەهاباد گرت، هێندیک وەک خەلیل گادانی و حەسەن ماوەرانییان لە تارانەوە هێناوە. هێندێک لەم کەسانەی لەسەر ئەو رووداوە گێران و لە بیرماوەن :

خەلیل گادانی، جەلیل گادانی ، محەممەد گادانی ، عومەر قازی ، سەید حەسەن هاشمی ، سەید محەممەد نیزامی ، عومەر شێخ محەممەدی ، حەسەن ماوەرانی ، قادر ماوەرانی، عەزیم موەفەقی ، پۆلا نانەوازادە ، کەریم ئەفسەر دلێر ، قاسم سۆڵتانی ، حوسێن وەستا جەلیل ، وشیار ئیمامی ، سیامەند موعینی ، حوسین بەخشی ، سەعید کوێستانی ، مەلا سادق سەید خدر ، خوسرەو مێعمارئازەر ، تەها کەرباسی ، حەوسەت دەبباغی ، قاسم چیرە ، محەممەد ئەمین چیرە ، ئیبراهیم شێخانی ، خوسرەو خوسرەوی ، و عەبدوڵلا گادانی .

سەرچاوە : کتیبی ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی بەرێز کاک جەلیل گادانی، دووبار تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی

## خەباتکاری گەورە، نەمر عەزیز یۆسفی لە دەلاقەی وتووێژێکی نێو بەندیخانەوە



برایم قەززاق

ئەگەر لە باشووری ئەفریقا " نێلسۆن ماندێلا "مان هەیە کە لە پێناوی خەبات بۆ ئازادی دا ٢٧ ساڵ لەتەمەنی خۆی لە بەندیخانەدا تێپەڕکردوە لە نێو ئێمەی کوردیش دا کەسایەتییەکی وەک نەمر عەزیز یۆسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان هەیە کە پتر لە ساڵی تەمەنی خۆی لە زیندان دا بە سەر برد و بووە مایەی شانازیی نەتەوە ٢٥

بەشخوراوەکەیەتی. ئەو مرۆڤە لە خۆبردووە و ئەو تێکۆشەرە سیاسییە رووناکبیرە، شایانی ئەوەیە بە نەسلەکانی ئەمڕۆی کوردستان بناسێندرێ و بە تایبەتی و بەو جۆرەی شایانی گەورەیی ئەو کەسایەتییە، ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

ئەو تێکۆشەرە خۆشی بە خۆ نەدیوە لە ساڵەکانی ١٣٣٠بەولا وە سێ (٣) جاران زیندانی دەکرێ. تا دواین جار بۆ ماوەی نزیک ٢٠ساڵ لە زیندانەکانی ئێران دا راگیراوە و هاوکات خۆشی بە وەرگێڕانی چەند کتێبی باش ماندوو کردوە. کاک عەزیز ئەو قارەمانە ورە پۆڵایینە کە پاشی زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە بەندیخانەکانی پەهلەوی دا زیندانی کرابوو، شای ئێرانی بە چۆک دا هێنا و ئازاد کراو، بەڵام تەمەنی دوای هاتنەدەر لە زیندانی بە داخەوە زۆر کورت بوو. بە هۆی کاریگەریی ئەو نەخۆشییانەی لە ماوەی ٢٥ ساڵ دیلی دا تووشی ببوو، چەند مانگ دوای هاتنەدەر لە زیندان، لە ١٦ی جۆزەردانی ١٣٥٧ کۆچی دوایی کرد. ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و پرسەی ئەو نەمرە، بوو بە گەورەترین و حەماسیترین کۆبوونەوەی جەماوەریی خەڵک دژی ڕێژیمی پاشایەتی کە دوای جووڵانەوەی نیشتمانیی سەردەمی موسەددیق، نموونەی نەدیترابوو.

لەم وتوویژەی خوارەوە دا کاک عەزیز زۆر قارەمانانە وڵامی ئەو هەواڵنێرە بەلژیکی یە دەداتەوە کە لە زیندان دا چۆتە سەردانی و دەسەڵاتی پاشایەتی تۆمەتبار دەکا کە بێ گوناح دەستبەسەری کردوە. بە هۆی ئەوە کە ئەم وتوویژە گرنگیی خۆی هەیە، پێمان باش بوو جارێکی دیکە و بە بۆنەی ٣٥ ساڵەی کۆچی دوایی کاک عەزیز بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هەموو تێکۆشەران و خەمخۆرانی کورد با لە ئاگاداری گۆشەیەک لە ژیان و خەباتی ئەو کەسایەتییە خەباتگێڕە بن.

*ئەم وتوویژە لە رۆژنامەی "کوردستان "ژمارە ۴۶ ، ساڵی ۱۳۵۵ وەر گیراوە*

**برایم قەززاق – ئاڵمان**

## عەزیزی یۆسفی ڕێژیمی شا ریسوا دەکا

وتوویژی رۆژنامەنووسی بەلژیکی تووسەن دەگەڵ کاک عەزیز یۆسفی تووسەن: ئاغای یۆسفی! هۆی ئەو چاو پێکەوتنە ئەوەیە کە لە بەلژیک کەسانێک هەن عەلاقەیان بە چارەنووسی ئێوە هەیە بە تایبەت پرۆفسۆر لووشار لە دانشگای بروکسێل، کە چەند جار حەولی داوە پێوەندیتان پێوە بکات.

یۆسفی : من دەگەڵ ناوی پرۆفسۆر لووشار ئەوە بۆ یەکەمین جارە ناسیاوی پەیدا دەکەم. ئەوان سەرۆکی کام لێژنەن کە چارەنووسی من بۆ وان ئەوەندە گرینگە؟

تووسەن: ئەوان لە دنیادا لە بیری ٣ زیندانیی سیاسی دان و چارەنووسی وانیان بۆ گرینگە، کە یەکێک لەو ٣ کەسە ئێوەن.

یۆسفی : بەڵی زۆر باشە، فەرموون کەوابوو هەر پرسیارێکی هەتانە فەرموون با وڵامتان دەمەوە.

تووسەن: بۆ لە ساڵی ١٩٥٨ (١٣٣٧) بۆ جاری ئاخر گیران؟

یۆسفی : لە ساڵی ١٣٣٧ بە هۆی ئەندام بوون لە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گیرام و هەر وەها لە پێشیش جارێک ٤ ساڵ و جارێکی دیکەش بۆ ٢ ساڵ هەر بەو تۆمەتە زیندانی بووم. لە ڕاستیدا ئەوە ٢٥ ساڵە بە تۆمەتی ئەندام بوون لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زیندانیم .

تووسەن: لە ساڵی ١٣٣٧ ( ١٩٥٨ ) هەر کە گیران بە دەستی مەئموورانی سازمانی ئەمنییەت کەوتنە بەرلێپرسینەوە، ئایا ئاکاریان خراپ بوو؟ ئەشکەنجەیان کردن؟

یۆسفی : بەڵێ ئەشکەنجەیان کردم، شەلاقیان لێ دام و هەروەها دەسبەندی قەپانیان لێ دام و هەروەها بەردیشیان پێوە هەڵ داوەسی، ئەو کارانەیان چەندەها جا ر دووپاتە کردۆتەوە.

تووسەن : ئایا لەو دەمەوە دیسان ئەشکەنجە کراوییەوە؟

یۆسفی : ناچونکە تاوانێکی سیاسیی تازە وەپاڵ من نەدراوە ئەشکەنجە نەدراوم.

تووسەن : لە کاتی پێراگەیشتن لە دادگادا ئیعتیرافت کرد کە تاوانباری؟

یۆسفی : من ئیعتیرافم نەکرد کە ئەندامی حیزبم بەڵام دوو بەندی قانوونیان بۆ من لەبەر چاو گرت کە یەکیان بەندی ٣١٧ یە کە دوو بەشە و تێی دا باسی هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن دەکرێ و لە بەشی دووهەمیشی دا باسی نیازی کوشتنی شا هاتوە. لە مەر

یەکەمینیان کە بریتی‌یە لە هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵ گرتن، کاتێک ئێمەیان گرت ١٥٠ کەس بووین بەڵام لە لای هیچکامێکمان چەکیان نەدۆزییەوە و خەباتەکەی ئێمە خەباتی چەکدار و بە زۆر نەبووە و خەباتی سیاسی بێ وەکارهێنانی زۆر بووە و بەم پێیە بە نەبوونی چەک و خەباتی بە تۆبزی نەکردن ئەو بەشەی بەندی ٣١٧ نەدەبوو لە مەڕ من دەکار بکرێ و بەشی دووهەمیشی کە بریتی یە نیازی کوشتنی شاو دەبێ بڵێم ئێمە لە مەهاباد بووین کە ناوەندی تێکۆشان و نفووزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە و لەوێش ئێمە مووشەکمان نەبوو کە بیکەین بە ئامرازی کوشتنی شا، کە وابوو هیچ کامێک لەم دوو بەشەی ئەو بەندە لەمەڕ من ناگونجێ. بەندێکی دیکە کە بە گوێرەی ئەو من تاوانبار کرام بەشێکی بەندی شەستە کە باسی جونحە و جینایەتە کە بۆ پێکهێنانی حیزبێک بە ئامانجی ئیشتراکی‌یەوە دەکار دەکرێ. ئەگەر وای دانێین کە من دامەزرێنەری حیزبێکی واش بووبم بە گوێرەی ئەو بەندە من دەبوو بە دە ساڵ زیندان مەحکووم کرا بام. چونکە تاوانەکە دووپاتە کراوەتەوە با پێنج ساڵیشی لێ زیاد کرێ لە سەر یەک دەکا پازدە ساڵ، بەڵام ئێستا من ئەوە ١٩ ساڵە لە بەندیخانە دام. بەندی ٣١٧ لەمەڕ من نە دەگونجا و هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبوو مەحکووم بە مەرگ کرابام و لەمەڕ بەندەکەی دیکەش هەروەک کوتم من ئەگەر دامەزرێنەریش بووبام دیسان دەبوو بە ١٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا بام نەک بە ئێعدام .

تووسەن : ئایا لە داگا وەکیلت هەبوو؟

یۆسفی : وەکیلی تەسخیریم هەبوو .

تووسەن : دوای ئەوەی بە مەرگ مەحکووم کرای دەسبەجێ ئەو حوکمە هەڵوەشاوە و کرا بە بەزیندانی ئەبەد؟

یۆسفی : نەخێر دوای سێزدە مانگ دەرەجەیەکیان کەم کردەوە.

تووسەن : دادگاکەت لە تاران بوو؟

یۆسفی : بەڵێ لە تاران بوو.

تووسەن : لەو کاتەوە کە مەحکووم کراوی لە کام زیندان بووی؟

یۆسفی : لە سەرەتای گیرانم دا ١٨ مانگان لە " قزل قەلعە " بووم، پاشان بردیانم بۆ زیندانی "قەسر" ، دوایە ماوەی هەشت ساڵ تەبعیدیان کردم بۆ زیندانی "بورازجان" و سەرەرای ئەوە جارێک شا دەستووری دا کە زیندانییە سیاسی یەکان لە "بورازجان"ڕا بنێرنەوە شوێنی خۆش ئاو و هەوا هێندێکیان ناردن بەڵام منیان هەر لە "بورازجان" ڕاگرت و ئەم ماوەیە هەشت ساڵی خایاند. هەتاکوو سەرای نیزامی هاتە وێ و من شکایەتم کرد و ئەوانیش فەرمانیان دا و لە "بورازجانەوە" بۆ زیندانی " بابوول " تەبعید کرام، سێ ساڵیش لە زیندانی "بابوول"دا بووم .

تووسەن : کەوا بوو لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا کە لە زیندانی بورازجان دا بووی هەلومەرجی زیندانەکە لەوێ بە تایبەتی لە باری ئاو و هەواوە زۆر ناخۆش بوو؟

یۆسفی : دیارە.

تووسەن : چەند لە "بابوول" مایەوە؟

یۆسفی : سێ ساڵ.

تووسەن: ئەدی پاشان؟

یۆسفی :پاشان ڕاگوێزرام بۆ زیندانی "قەسر"

تووسەن : ئێستا چ ماوەیەکە لە زیندانی "ئێوین"ی؟

یۆسفی : لە نەتیجەی شکایەتێکی کە کردم ... سێ نامەم بۆ دادستانی نیزامی و سەرۆکی سازمانی ئەمنییەت و سەرۆکی زیندانی "قەسر" نووسی، منیان بردە "کۆمیتە" و لەوێوە هێناویانمە ئێرە.

تووسەن : بۆ شکایەتت کرد؟ ئایا هەلومەرجی زیندان ناخۆش بوو؟

یۆسفی : هەلومەرج نا، ئاکاری زیندانەوانەکان خراپ بوو سووکایەتیان بە زیندانی دە کرد.

تووسەن : لە کەنگێوە لە زیندانی "ئێوین" ی؟

یۆسفی : ماوەی ٨ مانگە لێرەم.

تووسەن : لێرە هەل و مەرجی زیندان چۆنە؟

یۆسفی : لێرە زیندانەوانەکان سووکایەتی بە زیندانی ناکەن.

تووسەن : دەکرێ باسی چێشت و خواردەمەنیی زیندانمان بۆ بکەی؟

یۆسفی : بەگشتی زیندان چەشنە خواردنێکی هەیە کە بە هەموانی دەدەن.

تووسەن : تۆ نەخۆشیی گورچیلەت هەیە ئایا چێشتی زیندان لە نەخۆشیەکەتدا تەئسیری هەیە؟

یۆسفی : تەنیا سوێر بوونەکەی تەئسیری هەیە چونکوو خوێ یەکەی دەنیشێ و بەرد ساز دەکا هەروەها دەبێ بڵێم ئاوی خواردنەوەی ئێرە قسڵی دەگەڵە و ئەوەش لە نەخۆشی یەکەی من دا وەنەبێ بێ تەئسیر بێ.

تووسەن : ئایا تاکوو ئێستا پزیشک سەری لێ داوی؟

یۆسفی : بەڵێ پزیشک هاتۆتە لام نەخۆشی یەکەم ژانی زۆر نییە بەڵام گورچیلەکانم خیز هەڵدێنێ.

تووسەن : کاتی خۆت چۆن ڕادەبوێری؟

یۆسفی : هەتا ئەو کاتەی لە زیندانی "قەسر" بووم دەرەتانی ئەوەم هەبوو کتێب لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگێرم کە یەکێکیشان بە ناوی "سرزمین کف" چاپ کراوە و لەو دوایانەش دا کتێبێکی دیکەم بە ناوی "گوڵی زێرین" نووسراوی پاستۆوسکی، وەرگێراوە کە لە پشکنینی زیندان دا دەستی بەسەردا گیراوە .

تووسەن : لێرە چ دەکەی؟

یۆسفی : هیچ، دەی گوزەرێنم. ئەو ڕۆژنامە و گۆوارانەی لە زیندان دا بڵاوی دەکەنەوە دەیخوێنمەوە.

تووسەن : کەوا بوو لێرە کار ناکەی؟

یۆسفی : نا بە هیچ چەشنێک.

تووسەن : کەنگێ بە ئێوەیان ڕاگەیاند کە من دەمەوێ بت بینم؟

یۆسفی : هەر ئەو کاتەی هێنایانمە ئێرە و کوتیان کاربەدەستێکی دەرەوە هاتووە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ و قسەت لەگەڵ بکا.

تووسەن : ئایا یەکەم جارە کە ڕۆژنامە نووسێکی بێگانە دەبینی؟

یۆسفی : بەڵێ ئەوە یەکەم جارە.

تووسەن : ئایا خزم و کەس و کارت هەیە؟

یۆسفی : برایەک و دوو خوشکم هەیە، برایەکی دیکەم هەبوو کە لەم دوواییانە دا کۆچی دوایی کرد و پێنج منداڵی لە پاش بەجێماوە، کەسی دیکەم نییە.

تووسەن : خزمەکانت لە کوێ دەژین و ئایا دێن بۆ دیتنت؟

یۆسفی : ئەوان لە مەهابادن و لێرە دوورن لە زیندانی قەسر جار جار دەهاتن بۆ دیتنم بەڵام لێرە هێشتا نەهاتوون.

تووسەن : ئایا نامە دەنووسی بۆ خزمەکانت؟

یۆسفی : لە ماوەی ئەو هەشت مانگەی وا لێرەم نامەم نەنووسیوە.

تووسەن : بۆ؟ چونکە پێت خۆش نەبوو نامە بنووسی؟

یۆسفی : نا لە بەر ئەوەی کە لێرە هەلومەرج وایە کە بۆ نووسینی نامە ماوە دیاری

دەکرێ بە هەر سێ مانگ یان هەر چوار مانگ جارێک بەڵام جارێ هیچیان بە من نەگوتوە .

تووسەن : بە گشتی لە زیندان دا بوون خۆش نییە بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا من وا بزانم زیاتر پێت خۆشە لەو زیندانەی ئێرە بی.

یۆسفی : نەخێر، بە هیچ چەشنێک پێم خۆش نییە لێرە بم، زیندانی "قەسر" بۆ من باشتر بوو هەڵبەت ئەگەر ئاکاری زیندانەوانەکان باش بێ، چونکە لەوێ مافی ئەوە هەبوو خەڵک بێن بۆ لام بەڵام لێرە ئەو مافەم نییە.

تووسەن : ئایا هیچ ئاواتێکت هەیە؟

یۆسفی : مەبەستتان چی یە؟

تووسەن : شتێکی کە لە ژیانت دا بە ئاواتی دەخوازی و ئێستا لێی بێ بەشی؟

یۆسفی : بۆ کابرای زیندانی بەر لە هەموو شتێک ئازادی لە گۆڕێ دایە بەڵام من بەداخەوە ئازادیی خۆم بەو زووانە نابینم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئازادی بە پەشیمان بوونەوە و داوای لێبووردن بە ستراوەتەوە، بەڵام چونکوو من خۆم بە تاوانبار نازانم هیچ هۆیەک لە ئارادا نابینم کە لە کردەوەی خۆم پەشیمان بم و داوای لێ بووردنیش هەر ناکەم، چونکوو تاوانبار نیم.

ئەوە بابەتە لە رۆژنامەی" کوردستان" ژمارە ۴۶ رەشەمەی ١٣۵۵ – مارسی١٩٧٧ وەرگیراوە

٢٠ی ژوئەنی٢٠١٣

## عەزیز یوسفی قارەمانێک کە ناوی بۆ هەمیشە لە دڵی نیشتمانپەروەراندا دەمێنێتەوە



حامید گەوهەری

عەزیز یوسفی ناوێکی ئاشنایە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادیی لێیداوە و بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە ستەمی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان تێکۆشاون. کاک عەزیز یەکێک بوو لەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕانەی کە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ بەڕێزان غەنی بلوریان و سەدیق خاتەمی و گروپێکی تر لە هەڤاڵانی، لە ساڵی ١٣٢٧ – ١٩٤٨ دا بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکرات و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ڕێگا)دا، چوار ساڵ زیندانی کرا و دواتر سێ جاری تریش گیراو و بە گشتی ٢٥ ساڵ لە زیندانەکانی بنەماڵەی پەهلەویدا ڕاگیرا.

ساڵی ١٣٣٢ – ١٩٥٣ ، بە دوای کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی شا و زاهیدی و لە دەسەڵات کەوتنی دوکتۆر محەمەد موسەدیق،
لەگەڵ غەنی بلوریان، سەدیق خاتەمی، شەهید هاشم حەق تەلەب (قادر شەریف)، محەمەد ئەمین ڕاتبی و ژمارەیەکی تر، مهابادی بەجێهێشت و پەنای بۆ گوندی چوارگا برد و لە لای قادر ئاغای چوارگا کە ئەویش ئەندامێکی چالاکی حیزبی دیموکرات بوو، درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

ساڵی ١٣٣٣ – ١٩٥٤ لەگەڵ شەهید دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، شەهید سەدیق ئەنجیری و بەڕێز غەنی بلوریان و بە هاوکاریی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان و حیزبی تودەی ئێران خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بە نووسینی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ی ئاڵەکۆک دا، چاپخانەی فیرقەی دیموکرات ئاشکرا بوو و جەعفەر قەوسی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئازربایجان و عەزیز یوسفی دەستگیر کران و سەرلەنوێ یوسفی خرایە زیندانەوە.

نزیکەی سێ ساڵ لە زینداندا ڕاگیرا و ساڵی ١٣٣٦ – ١٩٥٧ ئازادیان کرد، بەڵام بەهۆی گوشاری پۆلیس، مهابادی بەجێهێشت و چووە تاران و لەوێ بە هاوکاریی دۆست و ئاشنایانی لە بەشی ئەرشیوی زانکۆی کشتوکاڵی کەرەج دامەزرا. بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بۆ عێراق، لە ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨دا، عەزیز یوسفی و عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" لەسەر گەڵاڵەیەک بۆ دوارۆژی حیزبی دیموکرات

نـاکۆکی پەیـدا دەکـەن. بـە ڕووخـانی ڕژێمـی فەیسـەڵ لـە عێـراق، عـەزیز یوسـفی دەرفـەت پەیـدا دەکـات کـە بچێتـە باشـوری کوردسـتان و دەقـی گەڵاڵەکـەی خـۆی ئاراسـتەی هـەڤاڵانی لـە باشـوری کوردسـتان بکـات و ڕای ئـەوانی بـۆ ڕاکێشـێت. بـەو ئومێـدەوە لـە کـەرەج سـواری ئوتوبـوس دەبێـت، بێخەبـەر لـەوە کـە سـاواک بـە شـوێنییەوە، بـەرەو ورمـێ دەچێـت. لـە ورمـێ بەرگـەکانی دەگـۆڕێ و بـەرگی کـوردیی دەپۆشـێت، تـا بـە شـێوەیەکی نـەناس بچێتـەوە مهابـاد و لـەوێوە دەربـازی باشـوری کوردسـتان بێـت کـە لـە پاسـگای "بـاڵانیش" لـە بیسـت کیلۆمـەتری جـادەی ورمـێ بـۆ مهابـاد دەیگـرن. عـەزیز بـە پەلـە گەڵاڵـەی پرۆگرامەکـە دەخاتـە نـاو زاری و دەیـەوێت قـوتی بـدات کـە ژاندارمـەکان دەگەنـە سـەری و بـە مسـتەکۆڵان لـە زار و ئـەوکی دەردێننـەوە و قۆڵبەسـت دەیبـەن بـۆ ژاندارمـەریی ورمـێ. لـەوێوە بەڕێیدەکەنـە تـاران و سـەرهەنگ زالتـاش و سـەرهەنگ عیسـا پژمـان کـە هـەردوو کـورد و خـەڵکی سـنە بـوون، دەکـرێن بـە مـەئموری پشـکنینی و سـەرئەنجام بـە لێـدان و شـکەنجە ناچـاری دەکـەن ڕاستییەکان بدرکێنێت.

سـاڵی ١٣٤٢ – ١٩٦٣ لەگـەڵ بـەڕێزان غـەنی بلوریـان و جـەلیل گـادانی لـە زینـدانی قەسـری تارانـەوە بـۆ زینـدانی بـەرازجان دوور دەخرێتـەوە و لـەوێ بـەهۆی خراپیـی هـەوا و نـەبوونی ئـاوی خـاوێن و خـۆراکی خـراپ، گـەلێک ئـازار دەبینێـت و توشـی نەخۆشـیی گورچیلـە و دڵ دەبێت.

سـاڵی ١٣٤٦ – ١٩٦٧ لــە زینــدانی بەرازجانــەوە ڕەوانــەی زینــدانی "ئامـل"ی دەکـەن و لـە زینـدانی ئامـل بـەهۆی پێڕانەگەیشـتن بـە بـاری تەندروسـتیی و ڕەوانـە نـەکردنی نامەکـەکانی بـۆ براکـەی، شـکات لـە بەرپرسـانی زینـدان دەکـات. بـۆ پێڕاگەیشـتن بـە شـکاتەکەی ڕۆژی ١٣٥١/٢/١٦ – ١٩٧٢ لـە ئاملـەوە دەیبەنـە سـاری کـە چـاوی بـە دادیـاری سـەربازیی بکـەوێت. وەک بۆخـۆی لـە نامەیەکـدا ئامـاژەی بـۆ دەکـات بـۆ ئـەو دیـدارەی دوو کـاتژمێر لـە ژورێکـی چـوار مـەترەوە دەیبـەن بـۆ سـاری و دوای گەڕانـەوەی بـۆ زینـدان دیتنـەکانی لـەو نامەیـەدا بـۆ کـاک عوسـمانی بـرای دەنووسـێت کـە وەک بیرەوەرییـەک بمێنێتـەوە. ئـەو نامەیـە نزیکـەی٣٧ سـاڵە لــە لایــەن برادەرێکــەوە ڕاگیــراوە و ئــەوە بــۆ یەکــەم جــارە دەکەوێتــە بــەرچاوی خوێنــەران. بەرلــە بڵاوکردنــەوەی، پڕبــە دڵ سوپاســی ئــەو بــرا خۆشەویســتەم دەکــەم کــە نامەکەی داومێ کە بڵاوی بکەمەوە.

برای ئازیزم

ئومێدەوارم ئێوە و هەموو ئەندامانی بنەماڵە باش بن. پارەکەت گەیشتووە، بەڵام هەواڵێکم لە نامەکەت نییە. ئەمڕۆ شانزدەی گوڵانی ١٣٥١ە، ئاسمان بەرگی سپی لە هەور پۆشیوە و خۆر لەژێر ئەو بەرگە نەرمەدا ڕەنگی گۆڕاوە. سروشت بە دەست و دڵی ئاوەڵەوە ، هەموو لوتف و مەرحەمەتی خۆی بە هەرێمی جوانی مازندران بەخشیوە و بە هەموو توانایەوە ڕازاندوویەتەوە. دارستانە سەرسەوزەکان، کێڵگە نوێیەکان، زەوییە بە پیتەکانی گەنم و ڕوبارە سەرکێشەکان و خەزەری ڕەنگ زمورود (بەردێکی بەنرخی ڕەنگ پیرۆزەییە- وەرگێڕ) هەموویان دەستیان داوەتە دەست یەکتر و دیمەنی ئەم ناوچەیەیان وەک تابلۆیەک جوان و زەوقهێنەر کردووە. تا چاو هێزی بینینی هەیە، هەموو جێیەک سەوزە و بە دەرخت و گوڵ داپۆشراوە. زەوی مەخمەری سەوزی پۆشیوە و لە ترۆپکی چیاکاندا دار و درەختی مەزن دەبیندرێت کە سەر لە ئاسمان دەسوون. گەنمی دێمەکارەکان لە بناری بەرزاییەکان، بە شنەبای بەهاریی کەروێشکە دەکەن.

پەڕەسلێرە تیژباڵەکان بە توندی لە ئاسمان دەسوڕێنەوە، بە توندیی شۆڕدەبنەوە و سنگیان لە ئاوی ڕوباری (تالدر) دەخشێنن و بە باڵە نەرمەکانیان کەوانە سازدەکەن،

کەوانەکان گەورە و گەورەتر دەبن و تا ماوەیەک دەمێننەوە. تالدر ڕوبارێکی شەپۆلاوییە، لە بناری چیا سەربەرزەکانی فیروز و سوار سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێگای هەمیشەیی خۆیدا پێچان دەخوات و کێڵگەکانی هەردوو لای خۆی تێرئاو دەکات و سەرئەنجام دەچێتە ناو خەزەری ڕەنگ شینی فیروزەیی. لەو ڕوبارە ڕەوانە، خۆشتامە، بەرهەم بەدی دێت و کاتێک بەفرەکان دەتوێنەوە و هەورەکان بە فرمێسکی وەک گوڵاویی خۆیان پەل و گەڵای دارەکان و سیمای چەمەنزارەکان دەشۆنەوە، ڕوباری تالدر لەو ئاوە ساف و ڕەوانانە، بژیوی جوتیاران پاشەکەوت دەکات و لە کێڵگە و دەشتە سەرسەوزەکانی دەوێت کە پڕبار و مێهرەبان بن.

خەزەر، خەزەری جوان کە وەک ئەڵقەیەکی فیروزەیی لە پەنجەی وڵاتەکەماندایە. کاتی شەو، ئەوکاتەی کە ڕۆشنایی مانگ بەسەر چڵی درەختەکاندا دەبیندرێت و ڕوناکیی بەسەر کێڵگەکان و ئاوی دەریادا بڵاودەکاتەوە، لە ئاوێنەیەک دەچێت کە باڵندەکان و ئەستێرەکانی تیادا دەردەکەون و وێنەکان بەرەو سەما و هەڵپەرکێ ڕادەکێشێت. لەوکاتەدا دنگی قازە کێوییەکان تێکەڵاوی دەنگی شەپۆلەکان دەبێت و سەمفۆنییەکی ئارام و دڵنەواز پێکدێنن.

لۆتکە (بەلەم)ی ڕاوکەران کە شەوانە بە قاچاخ بۆ ڕاوە ماسی دەچن، وەک (قو)ی

سەرخۆش، باڵەکانیان لەسەر ئاوی خەزەر دەکەنەوە و تا قوڵایی دەریا بە فەرمانی بێڵی خاوەنەکانیان بەرەو شوێنی ماسییەکان دەچن. هەندێک جار ئەو هەوڵانە کە بۆ بەدەستخستنی بژیوی ژیان بە ئەنجام دەگەن، کارەساتیان لێدەکەوێتەوە و خەم و پەژارە دەخولقێنن، چونکە خەزەری جوان کاتێک تورە دەبێت و شەپۆل دەدات، ژیان و ئومێد و ئارەزووەکان لەناو شەپۆلەکانیدا دەخنکێنیێ و دەبێتە گۆڕستانی هەمیشەیی مرۆڤەکان.

مازندەرانی جوان بە ئاسمانی ساف و پڕ ئەستێرەی، بە دارستانە سروشتییەکانی و ڕوبارە پڕ لە ئاوەکانی، بە کێڵگە بەپیتەکانی و بۆنی خۆشی گوڵە کێوییەکانی، بە خەزەری شین و خەڵکی مێهرەبانییەوە، تا ئێستا هاندەری گەلێک نیگارکێش. شاعیر و داستان نووس بووە.

ئەو هەمووە جوانییەی کە چاو و دڵ دەلاوێنێتەوە، خەریکە من بەرەوخۆی دەبات و گرێی خامۆشی زەوق لە جەستە و گیانمدا بەرز دەکاتەوە. لەو حاڵەتەدا کە پاسەوانە چاودێرەکانم بە ئوتومبێلی زیندان من بەروە ساری دەبەن کە چاوم بە دادیاری سەربازیی بکەوێت، لە کەسێکی تونیی دەچم کە تینی زۆری تونییەتی لە جەستەیدا ڕاپەریوە. هەرچی دەبینم زەوقم زیاتر دەکات، بەڵام ڕێگا قوڵەیە و مەودای دیتنم کەم.

کاتژمێر دوانزدە و نیوە، دیدارەکە بە جوانی بەڕێوەچوو، بڕیارە دەربارەی هۆی وەپاشکەوتنی وێنەگرتن لە گورچیلەکانم پرسیار بکەن و سەبارەت بە سڵامەتیی ژیانم و درەنگ ڕەوانە کردنی نامەکانم بپرسنەوە. چاوەڕوانی هاتنی ئوتومبێلی زیندان دەکەین، لەوکاتەدا دیوارەکانی بەهەشتی بەڵێندراو دەروخێن و فریشتەکان ڕادەکەنە دەرەوە! ئێستا بەهار هاتووەتە ناو شەقامەکانەوە! گوڵەکان دیمەنی شاریان ڕازاندووەتەوە و گوڵە سنبولەکان پرچیان بەبا داوە.

ئێستا لەسەر شەقامە قیلەتاوە پینەکراوەکانی ساری، ئافرەتێکی جوانی خەزپۆش بە ئاهەنگی پێکەنینەکانی، گوێی پاسەوانەکانی بەرەوخۆی بردووە! ئوتومبێل بەڕێدەکەوێت و زۆری پێناچێت کە دەگەڕێمەوە ناو کولانە چوار مەترییەکەمەوە. دیسانیش وەک هەمیشە ساتەکانی ژیانم وەک دڵۆپی باران لە دەریالوشی بێ بنی زەماندا، ون دەبن و بەهار بە دوای پانزدە ساڵ، بە مەودای دوو کاتژمێر بۆ من دێت و تەواو دەبێت. دیسانیش جێی شوکرە، لە خەرمانێک، کایەک! بەهەر حاڵ .....

ئەمڕۆ بۆ شکایەت لە کۆتایی کردنی بەرپرسان سەبارەت بە وێنە نەگرتن لە

گورچیلـــەکانم کــە مــاوەی هەشــت مانگــە وەپشــتگوێی دەخــەن و دۆخــی ژیــانم و دەرەنــگ ڕەوانــەکردنی نامـەکانم، بـۆ بینینــی دادیـاری سـەربازیی چوومـە سـاری و بـەڵێنیان دامـێ کـە بـە شـکایەتەکەم ڕابگـەن. بـا بـزانین لــە داهــاتوودا چەنــدە بەڵێنــەکانیان بەجێدەگەیــەنن. ویسـتم ڕووداوی ئــەم سـەفەرەت بـۆ بنووسـم کـە دوور لــە خۆشـیی نــەبوو، تــا هــەم بیرەوەرییـەک بێـت و هـەم باسـێک لـە جوانییـەکانی مازنـدەران. مـن زۆر باشـم. دەسـتی دایکـم و ڕووی منداڵــەکانت مــاچ دەکــەم و ســڵاو لــە خێزانــت دەکــەم: بــە ســڵاوی زۆر: بــرات ١٣٥١/٢/١٦

دەزگـای هـەواڵگریی شـا "سـاواک" دواتـر کـاک عـەزیزی لـە ئاملـەوە گواسـتەوە زینـدانی قەسـری تـاران و سـاڵی ١٣٥٦ – ١٩٧٧ کـە حکوومـەتی شـا بـەرەو ئـاڵۆزیی و ڕووخـان دەچـوو، شـا ئیزنــی بــە ئەمنێسـتی ئینتەرناشـناڵ (ڕێکخـراوی لێبـووردنی جیهـانیی) دا کـە نوێنـەریان بێـت سـەردانی زیندانـە سیاسییەکان بکـەن، ئـەوە لـە کاتێکـدابوو کـە پێشـتر ڕایدەگەیانـد: لـە ئێراندا زیندانیی سیاسی نییە.

بەرلـــەوەی کـــە نوێنـــەرانی ئەمنێســـتی ئینتەرناشـــناڵ ســـەردانی زینـــدانی قەســـر بکـــەن و هەنـدێک بەرلـە ئـازادبوونی کـاک عـەزیز لـە زینـدان هـەواڵنێرێکی بلژیکـی بـۆ وتـووێژ کـردن لەگـەڵ عـەزیز یوسـفی سـەردانی زینـدانی کـرد. بەرلـە چـوونی ئـەو هـەواڵنێرە بـۆ زینـدان، بەرپرسـانی زینـدان لــە عــەزیزیان وێســت کــە لــە درکانــدنی شــکەنجە و ڕاســتییەکانی نــاو زینـدان بـۆ هـەواڵنێری بلژیکـی خۆبپارێزێـت و شـتێک بـە زمـاندا نـەهێنێت، بـەڵام کـاک عەزیز دەڵێت:

– (مەگـەر ئێـوە زیندانییـەکان شـکەنجە ناکـەن؟ کاتێـک ئێـوە بـە هـەموو بـێ بـەزەیی خۆتـان، شـێتانە منـاڵانی خـەڵک و نیشـتمان قەسـابیی دەکـەن، حەقتانـە لـە ئاشـکرا بـوونی بترسـن.) بەرپرسـی زینـدان پێـی دەڵێـت: ئـاخر ئـابرووی وڵات لــە مەترسـیی دایـە. یوسـفی لــە وەڵامیـدا دەڵێت:

– (کـام وڵات؟ وڵاتــی تــۆ یــان وڵاتــی ئێمــە؟ وڵاتــی زینــدان ســازان، زاڵمــان، درۆزنــان، ڕێگـران، یـان وڵاتـی زیندانییـەکان، خـەباتکاران، زەحمەتکێشـان؟ بـەڕێزان، وڵاتـی ئێمـە و ئێـوە جیاوازییـان پێکـەوە هەیـە. لــە زەوییــەوە تــا ئاسـمان پێکـەوە جیـاوازن. ئێمـە بـۆ نیشـتمانی خۆمـان لــە شـکەنجە و زینـدان و مـەرگ ناترسـین، بـەڵام ئێـوە ئـەو نیشـتمانە دیلکراوەتــان تــەنیا بــۆ دۆشــینی پتــر، مژینــی پتــر و مژتنــی پتــری شــیرەی دەرونــی ئــەو دەوێت. هەر ڕۆژێک کە هەست بە مەترسییەکی بچوک بکەن، لەو نیشتمانە ڕادەکەن!

نیشتمانی ڕاستینی ئێوە لە گیرفان و هەگبەکانتاندا لەگەڵ خۆتان دەبەن.)
بەرپرسانی زیندان هەرەشەیان لێکرد، بەڵام سودی نەبوو، ئەو لە بەرامبەر هەواڵنێری بلژیکی دا هەموو تاوانە سامناکەکانی زیندانەکانی شای ئاشکرا کرد.
کاک عەزیز یوسفی لە زینداندا دوو کتێبی بەو ناوانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. کتێبی یەکەم: (یادداشتهای یک معلم مدرسە) لە نووسینی ف. ڤیگدورڤوا کە ساڵی ١٣٣٦ – ١٩٥٧ بە دوای ئازادبوونی لە زیندان چاپی کردووە و کتێبی دووەم: (سرزمین کف) لە نووسینی یڤۆن یفریمۆڤ کە ساڵی ١٣٤٧– ١٨٦٨ ، چاپخانەی روز "ڕۆژ" بۆی چاپ کردووە.
سەرئەنجام کاک عەزیز یوسفی دوای نزیکەی ١٩ ساڵ زیندانیی لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە پاییزی ساڵی١٣٥٦ – ١٩٧٧ لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. ناوبراو کە سەرجەم ٢٥ ساڵی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی شادا بەسەربردبوو، دوای ئازادبوونی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵیدەدا بزووتنەوەیەکی ئارام و هێمنی لاوان لە کوردستاندا بەڕێبخات، بەڵام مەرگ مەودای پێنەدا و ڕۆژی ١٣٥٧/٣/١٥ (١٩٧٨/٦/٥) بە نەخۆشیی دڵ لە تاران کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٦ کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێ و نووسەر و خەباتگێڕی کورد و ئێرانیی، تەرمی کاک عەزیزیان لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا گەڕاندەوە مهاباد. هەزاران کەس لە مهابادەوە بەرەوپیری تەرمەکەی چوونە میاندواو و "مەلیک کەندی" و پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد و دوای گەیشتنەوەی، ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٧ لە گۆڕستانی مهاباد بە خاکیان سپارد. بەخاکسپاردنی تەرمی کاک عەزیز بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و بەشداریی ئایەتوڵا مکارمی شیرازی کە لەو سەردەمەدا حکومەتی شا دوریخستبووەوە بۆ مهاباد، بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو. مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی تەلقینی دادا و پۆلیس و ساواک ڕێگر نەبوون لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڵام ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ دوای سێ ڕۆژ ماتەمینیی لە خانەقای سەید نیزام کە لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای بوو، خەڵک بە خۆپێشاندانێکی ئارام کە چەند تاجە گوڵ و وێنەی کاک عەزیزیان لەسەر شان بوو، بە شەقامی شاپووردا بەرەو "گومبەزان" واتە گۆڕستانی مهاباد کەوتینەڕێ. لە دەوری گڵکۆی کاک عەزیز کۆبوینەوە. کاک جەلیل گادانی وتارێکی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی کاک عەزیز پێشکەش کرد.
لەو ڕۆژەدا یەکەم خۆپێشاندانی جەماوەریی بە دروشمی "مەرگ بەر شا" ، "بژی کورد–

بژی کوردستان" ، "یان کوردستان یان کورد نەمان" و "بمرێ شا" لە گۆرستانی مهاباد سەریهەڵدا و دواتر شاری ورمێ و سنە و شارەکانیتری کوردستان و ئازەربایجانی گرتەوە. ڕۆژانی هەینی ژمارەیەک تورک بە ناوی یەکیەتی کورد و تورکانەوە لە ورمێ و میاندواو و نەغەدەوە دەهاتنە مهاباد و دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی ، بەشداریی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی مهابادیان دەکرد.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

## لە 17ی جوزەردانی سالی1357ی هەتاوی، شاری مەهاباد بۆ جارێکیتر بوو بە بنکەی سەرهەڵدان.



لەم ڕۆژە دا گورستانی شاری مەهاباد یەکێک لە خۆڕاگرترین لاوەکانی ئەم نەتەوەی لە ئامێزی خۆی گرت کە سەرەتایەک بوو سەرهەڵدانی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەروەها پەیوەست بوون بە سەرهەڵدانەکانی گشتی ئێران و لە ئاکامدا ڕووخانی رژیمی پاشایەتی.

لەم ڕۆژەدا تەرمی نەمر "عەزیز یوسفی" بۆ زێدی خۆی گەراوە.

کاک عەزیز، یەکێک لە لاوانی خەباتکار و خۆڕاگرای کورد بوو کە زیاتر لە 20 سال لە تەمەنی خۆی لە بەندیخانەکانی رژیمی پاشایەتی تێپەر کرد.

کاک عەزیزی نەمر، پاش ڕزگار بوونی لە بەندیخانە، سەر لەبەیانی ڕۆژی 15ی جوزەردانی سالی ١٣٥٧ ، لە شاری تاران، دلی پڕ لە هەست و خۆشەویستی کوردستانی، ڕاوەستا و چاوی بۆ هەتاهەتایە لە جیهان بەست.

کاک عەزیز لە زیندان تووشی نەخوشی دڵ و سیپەلک ببو و دەستهەلاتدارانی سەردەم، تەنانەت چارەسەری نەخۆشییەکانیشیان نەکرد و کاتێک کە لە زیندان هاتەدەر تەنیا ئیسک و پێستێک بوو، بەلام خاوەن دڵێکی گەورەتر.

عەزیز یوسفی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی لە مەر وەدیی هاتنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، کەوتە زیندان. کاک عەزیز لە زۆربەی زیندانەکانی ئێران، تامی زەجر و ئەشکەنجەی بینی بوو و هیچ کات

ئێرادەی نەهاتە لەرزین.

تەرمی پیرۆزی نەمر عەزیز یوسفی، ڕۆژیک دۆای کۆچکردنی گەڕایەوە شاری مەهاباد و هەزاران کەس لە شارەکانی دەوروبەر، لە ڕێی و ڕەسمی بە خاکسپاردنی ئەو دا بە بەشداری خۆیان پەیمانیان دا کە ڕێگای درێژە دەدەن.

گلکۆی عەزیز یوسفی بە درێژای چەندین ڕۆژ لە لایەن خەڵکەوە گوڵباران دەکرا و شاری مەهاباد لە خەمی لەدەست دانی هەموو ڕەشپۆش و تازیەداری ئەوە عەزیزە، عەزیزە بوون و فرمیسکیان بۆ هەڵڕشت.

*ئێمە هەزاران مرۆڤ بووین!...*

*هەزاران لە ئێمە شەهید بوون یا بەند کران!...*

*هەزاران لە ئیمە لە جەرگەی خەباتدا، پشتیان لە ئێمە کرد!...*

*هەزاران لە ئێمە لە ڕێگادا مانەوە!...*

*بەڵام ئێستا ئێمە هەزارانین!...*

***************

ما هزاران نفر بودیم!..

هزاران نفر از ما شهید شدند یا در زندان ها پوسیدند!..

هزاران نفر از ما به میدان مبارزه پشت کردند!..

هزاران نفر در نیمه راه ماندند!..

اما ما هنوز هزاران نفریم. . .

ئەم وێبلاگە بە ڕووح و ورەی نەلەرزی نەمر کاک عەزیز پێشکەشە.

ویبڵاگی کرد پیک

## بۆ کاک عەزیز یوسفی



نووسینی مەرزە جەوانمەرد

سڵاو لە تۆ ئەی خوداوەندی ئازادی
ئەی ئەسیری هەمیشە ئازاد
ئەی ڕێپێشاندەری نووستوو و وەخەبەران
ئەی کە دوای مردنیش هەر زیندووی
گۆڕەکەت عیبادەتگامانە
ناوەکەت لەسەر مناڵەکانمانە
نیسێکەت لەسەر سەرمان
وەسیەتەکەت لە بیرمان
بە خۆڵی سەرگۆری تۆ
بە فرمێسکی چاومان
قوڕەگرینەوە بۆ سەری ناپیاوان
چاردە مانگ و پازدە ڕۆژ لە نێومان بووی
چواردسەد و پازدەهەزارساڵی دیکەش
چرات ناکووژێتەوە
قەسەم،
بە دڵی ناکامت
بەو دەمەی تێرت هاوار پێنەکرد
بەو دەستەی تێرت قەڵەم پێنەگرت
بەو ڕێگایەی سەرت لەسەردانا
سوێند بە زگی برسیت
بە لێوی ئیشکت
دڵی پڕزووخاوت
بە بەدبەختیت
بە بێ جورمیت
بە مەرگی نابەهەنگامت

هەر بە ڕێگای تۆ دا دەڕوێن
قەت دەست لێک بەرنادەێن
سوێند بەو فرمێسکانەی بۆت ڕژان
بەو ئاخانەی بۆت هەڵکێشران
لەبیرت ناکەین
لەبیرت ناکەین
دەزانین لەوێشدا خەو ناتباتەوە
چوون قورسی موسەکین و خەوهێنەر نییە
بەڵام قەولت پێدەدێن مزگێنییەکەت بۆ بێنین
دەبنوو، ئاسودە بنوو
چون زۆرت وەخەبەرهێنان
بنوو، تۆ ئەو دڵەی پڕ لە زوخاومان بنوو
ناهێلین، ناهڵین ناوت بفەوتێ
ناهێڵین، ناهێڵین ڕێگات ونبێ

ئەم پارچە شێعرە هەر بەو جۆرەی کە کاتی خۆی نووسراوە، بڵاو دەکرێتەوە. ١٥ جۆزەردانی ١٩٧٧

سەرچاوە : تریبونی فێمینیستانی کورد



## بۆ مەرگی خەباتکاری ناکام، عەزیزی یوسفی



**مەلا غەفوور دەباغی**

عەزیز گیان!

خۆشەویستیی تۆ

لە ناو قووڵایی دڵمانە،

بە مەرگی وا لە ناکاوت،

هەموو کەس چاو بە گریانە.

ئەوەندەی بیر دەکەم دەڕوانمە ئاکار و بڕوات

بە موو تێی دا نییە ناشیرینی و چەوتی

هەمووی جوانە.

بە سەر بەرزی ژیاوی بۆ گەلت بۆیە

لە بیر ناچی،

مەرامی بەرز و بروات تێکەڵاوی خوێنی لەشمانە

بە تاڵ و سوێری تێپەر بووژیانی پڕ لە ناسۆرت،

بەڵام هەرچی بوو مەردانە،

سەرت ناوە لە گۆڕخانە

سەرت هەڵ بێنە کاکە! تاوێ دەوروبەر تەماشا کە

بزانە چۆن لە دەورەت شین دەگێرن هەرچی ئینسانە.




ڕەحمەتی مەلا غەفوور دەباغی (حافیزی ساباڵاغی)

(جۆزەردانی ١٣٥٧ لە سەر گڵکۆی شەهید لە کاتی بەخاکسپێرانی دا خوێندوویەتەوە)

---

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی _ r_neqsi@yahoo.ca

گەلاوێژی ٢٧١٣ / ئاگوستی ٢٠١٣